گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ خزمەتگوزاریە ئاینیەکان لە شاری بەردەڕەش بەبەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS)

**پ.ی.د. هیوا صادق سلیم**

بەشی جوگرفیا, کۆلێژی ئاداب, زانکۆی سەلاحەدین, هەولێر, هەرێمی کوردستان، عیراق

Hewa.saleem@su.edu.krd

**باسم قاسم سلێمان**

بەشی جوگرفیا, کۆلێژی ئاداب, زانکۆی سەلاحەدین, هەولێر, هەرێمی کوردستان، عیراق

Basmqasm00@gmail.com

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/٥/١٠

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/٤

بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**

Service, Religious Service, Efficiency, Stady Area, Spatial Analysis, Ossyphere Analysis

**Doi**: 10.25212/lfu.qzj.8.2.23

**پوختە**

خزمەتگوزاری ئاینی یەکێکە لەو بابەتانەی کە بۆتە جێگای بایەخی جوگرافیەکان ئەویش لە ڕێگای زانینی چۆنیەتی دابەشبوونیان ڕادەی بوون وتوانستیان لەگەڵ هەوڵ دان بۆ دەرخستنی لایەنە نەرێنیەکانیان، ئەو خزمەتگوزاریە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە خۆی لە(11)مزگەوتی هەینی و(6)مزگەوت و(4)هۆڵی بۆنە ئاینیەکان و(6)گۆرستان دەبینێتەوە، لەم باسەدا هەوڵدراوە لێکۆڵینەوە لە واقعی ئەو خزمەتگوزارییە بکرێت لە ڕێگەی زانینی ڕادەی توانستی شوێنی و وەزیفی ئەم خزمەتگوزارییە کە تاچ ڕادەیەک هاوجووتە لەگەڵ پێوەری بەکارهاتوو لەم بوارەدا، بە ئامانجی دەرخستنی زیاتری هەموو ئەمانەش لێکۆڵینەوەکە پشتی بەستووە بە تەکنیکی زانیارییە جوگرافیە(GIS) لە دەرخستنی شێوازی دابەشبوون و پشتینەی ئەو خزمەتگوزارییە، بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕێگای فۆرمی ڕاپرسییەوە بیرو ڕای دانیشتوانی شارەکە لە ڕادەی ڕازیبوونیان بەو خزمەتە وەرگیراوە.

## گرنگی توێژینەوە:

1- خزمەتگوزاریە ئاینیەکان یەکێکن لە کەرتە گرنگەکان ورۆلێکی گەورەی لە پێشخستنی کۆمەڵگا وزیندوو ڕاگرتنیدا هەیە.

2- ســەرهەڵدانی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان وزیندووکردنەوەی، هەروەها گەشــەی دانیشــتوان و فراوانبوونی شارەکەش پێویستی بەوە هەیە کەوا لە توێژینەوەیەکدا باسیان لێوە بکرێت.

**گرفتی توێژینەوە:**

1- گەشەی خزمەتگوزاریە ئاینیەکانی شارەکە لەگەڵ گەشەی دانیشتوانی شارەکە تاچەند هاوجووت بوونە.

2- ژمارەو ڕووبەری ناوەندەکانی خزمەتگوزاری ئاینی تا چەند وەک پێویست خزمەت دەکەن.

3- ســروشــتی دابەشــبوونی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە پالپشــت بە پێوەرو نیشاندەرەکانی پلاندانان نەبووەوە.

**ئامانجی توێژینەوە:**

1- دیارکردن وهەڵســەنگاندنی ئەو خزمەتگوزاریە ئاینیانەی کەوا پێشــکەشــی دانیشــتوانی ناوچەی توێژینەوە دەکرێت، و بەراودکردنیان بە پێوەرو نیشــاندەرەکانی پلاندانان، لەگەڵ دەرخســتنی کەم وکوریەکانیان.

2- دیاریکردنی دابەشــبوونی جوگرافی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان و دەســتنیشــانکردنی شــێوازی و ئاراستەی دابەشبوونیان لە ناوچەکەدا.

**گریمانەی توێژینەوە:**

1- ئایا ژمارەی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان گونجاوە بەبەراورد بە ژمارەی دانیشتوانی شارەکە.

2- ئایا خزمەتگوزاریە ئاینیەکان بە شــێوەیەکی هەرەمەکی وبێ پلان بەســەر بەشــەکانی شــارەکەدا دابەشبوونە.

3- ئایا دابەشــبوونی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان لەســەر ئاســتی گەرەکەکان هاوتایە لەگەڵ پێوەرەکانی پلاندانان.

**ڕێبازی توێژینەوە:**

لە توێژینەوەکەماندا پشــتمان بە میتۆدی(ئیســتقرائی)کە لەبەشــەوە دەســت پێدەکات و بە گشــتیش کۆتایی دێت بەســتووە وەکوو میتۆدێکی ســەرەکی، لەگەل پەیڕەوکردنی شــێوازی وەصــفی شــیکاری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جوگرافی بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازیەکانی دابەشبوون و توانستەکانی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان، هەروەها پەنامان بردووەتە بەر بەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS)وەکوو تەکنیکێکی چاڵاک بۆ وێنە کێشانی نەخشە وشێوەکان وئەنجامدانی کردارەکانی شیکردنەوەی شوێنی و دەستخستنی داتاو زانیاریەکان بۆ شیکردنەوەی تایبەتمەندیەکانی خزمەتگوزاریە ئاینیەکانی شارەکە .

**پلانی توێژینەوە:**

ئامانجی توێژینەوەکە وادەخوازێت کە توێژینەوەکەمان بۆ چوار بەش دابەش بکەین، بەم شێوەیە، لەبەشی یەکەمدا ئاماژە بە چوارچێوەی تیۆریی و ناساندنی ناوچەی توێژینەوە کراوە، لەبەشی دووەمدا باس لە دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان و دەستنیشانکردنی شێوازو ئاراستەی پلاوبونەوەی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان کراوە، هەرچی بەشی سێیەمە تایبەتکراوە بۆ شیکردنەوەی شوێنی و وەزیفی خزمەتگوزارەی ئاینیەکان ، و لە بەشی چوارەمیش کە دوا بەشی لێکۆڵینەوەکەیە تیایدا لێکۆڵینەوە لە نیشاندەرە گشتیەکانی پلاندانان کراوە کە خۆیان دەبینەوە لە نیشاندەری (ئاسانی گەیشتن ورادەی ڕازیبوون)ی هاوڵاتیان لە خزمەتگوزاریە ئاینیەکانی شارەکە، لە کۆتایشدا لێکۆڵینەوەکە بە چەند دەرئەنجام وراسپاردەیەک گەیشتوە .

## 1. پێشەکی:


خزمەتگوزاریە ئاینیەکان بە یەکێک لە دیارترین جۆری خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان دادەنرێت کە لە نێو پێکهاتەی شاردا بڵاوبوەتەوە و خزمەتگوزاری پێشکەش بە دانیشتوان دەکەن، کە مەبەست لێیان جۆری ئەو چالاکیە ئاینیانەن کە لەلایان دامەزراوە ئاینیەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرێت کە ئەوانیش بریتین لە( مزگەوت، مزگەتی هەینی، هۆلی بونە ئاینیەکان.....هتد )،سلیم وعزیز،2015، ل147). جگە لە چالاکی کۆمەلایەتی پەیوەست بە ئایین، وەک بەخاکسپاردن و مەراسیمی ئاینی، ناوچەی لێکۆڵینەوەش بە یەکێک لەو ناوەندانە دادەرنێت کە هەر لە کۆنەوە ئەم خزمەتگوزاریەی تێدا دەرکەوتووە، و ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی دانیشتوانی ناوچەکە جێهێشتوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2- ناساندنی ناوچەی توێژینەوە:

### 2-1- شوێنی فەلەکی وجوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە:

شاری بەردەڕەش لە رووی شوێنی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێتە سەر هێلەکانی درێژی (00" 37" 43" – 30" 33" 43") ی رۆژ هەڵات وبازنەکانی پانی(00" 31" 36" – 30" 29" 36") ی باکوری گۆی زەوی، بەمجۆرە دەکەویتە بەشەکانی باشووری رۆژهەلاتی پارێزگای دهۆک بە دووری 100کم . بروانە نەخشەی(1).




نە خشەی(1) شوێنی جوگرافی و ئەسترۆنۆمی شاری بەردەڕەش بەپێی پارێزگای دهۆک و قەزای بەردەڕەش

**سەرچاوە**: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی (GIS)، Shapefile ی پارێزگای دهۆک، لە ڕێگەی بەکارهێنانی Arc GIS10.8) .

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی، بەڕیوەبەرایەتی شارەوانی بەردەڕەش، هۆبەی نەخشەسازی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە رووی کارگێریشەوە ناوچەی لیکۆلینەوە سەنتەری قەزای بەردەرەشە کە یەکێکە لە قەزاکانی سەر بە پارێزگای دهۆک، کە هەریەك لە قەزاکانی ئاکرێ لە بەشەکانی باکووری ڕۆژهەلات و قەزای شێخان لەبەشەکانی باکووری رۆژئاواییدا هەلکەوتوون ، هەروەها لەبەشی باشووری رۆژهەڵاتیدا هاوسنووره لەگەل قەزای خەباتی سەربە پاریزگای هەولێرو لە بەشی باشووری رۆژئاواشیدا هاوسنووره لەگەل قەزاکانی تری پارێزگای موسل(گۆران، 2014، لا109) .

**2-2- پێگە:** سەبارەت بە پێگەی شاری بەردەڕەش، لە جێگایەکی پێشگرد هەلکەوتووە، کەبەسەر دەشتیکی بە پێزو فراوان دەروانێت کە بە دەشتی (ناوکوڕ) ناسراوە. بە شێوەیەکی گشتی سەنتەری شارەکە بە شێوەیەکی هێلکرد لە رۆژ هەڵات بۆ ڕۆژ ئاوا درێژ بۆتەوە، و درێژیەکەی لە دەوروبەری(5,3)کم و پانیەکەی لە باکوور بۆ باشوور(2,3)کم دەبێت، بڕوانە نەخشەی(1) .

## 3- دابەشبوونی جوگرافی و ئاراستەی و شێوازەکانی دابەشبوونی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان

### 3-1 دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان

مەبەست لێی دابەشبوون وڕێکخستنی دیاردەکانە لە شوێنێکێکی دیاریکراودا، کە بە پێی شێوازێکی دیاریکراو ئاماژەی بۆ دەکرێت(عبو، 2020، ص564). دابەشبوونی دیاردەکان بە خاڵی سەرەتا دادەنرێت لە لێکۆڵینەوە جوگرافیەکاندا، و هەنگاوێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە دیاردە جوگرافیەکان وشێوازی دابەشبوونیان (الخیر، 2000، ص340). لەکاتی ئیستادا سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS) ڕۆڵیکی گرنگ دەبینێت لە دەرخستنی چۆنیەتی دابەشبوونی دیاردەکان و شیکردنەوەی بارودۆخیان، لەو سۆنگەشەوە دەتوانرێت کەموکوریەکانیان دەستنیشان بکرێت وهەولی چارەسەرکردنیان بدرێت(Lagrab and AKNIN, 2015, p151) بۆ ئەم مەبەستەش لە خوارەوە باس لە دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزاریە ئاینیەکانی ناوچەی توێژینەوە دەکەین بەم شێوەی خوارەوە:-

**أ- مزگەوتی هەینی (الجامع):** بە سەرەنجدان لەخشتەی(1) تێبینی ئەوە دەکەین کەوا (14)مزگەوتی هەینی بەکۆی ڕووبەری(23650م2) لە ناوچەی لێکۆلینەوە هەن، کە بەسەر(10)گەرەکی شارەکە

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دابەش بوونە، لە نێویاندا گەرەکی(خێلەکی)پلەی یەکەمی وەرگرتووە بە بوونی(3)مزگەوتی هەینی کە ڕێژەی(27%)ی کۆی مزگەتەکانی هەینی شارەکە لەخۆدەگرێت، هۆکاری ئەمەش لەلایەک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا گەرەکی(خێلەکی)پێشتر گوند بووە و ڕووبەرێکی فراوانی هەیە، و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی بوونی پارچە زەیەکی گونجاو نزیکی لە شەقامی سەرەکی(دهۆک-هەولێر) وەرگرتنی ڕەزامەندی لە(بەرێوەبەرایەتی ئەوقافی بەردەرەش)لەلایان خێرخوازان مزگەتێکی هەینی دروستکراوە، بەڵام لە ڕووی ڕووبەرەوە گەرەکی(معوقین) پلەی یەکەمی وەرگرتووە بەڕووبەری(5150م2)، کە ڕێژەی نزیکەی(22%) کۆی ڕووبەری مزگەوتەکانی هەینی پێکدەهێنێت. هۆکاری ئەمەش لەلایەک بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کەوا(2)مزگەوتی هەینی بە ڕووبەرێکی فراوان لەم گەرەکە بەدیدەکرێت، و لەلایەکی تریشەوە بۆ زۆری ژمارەی دانیشتوان وفراوانی ڕووبەری ئەم گەرەکە دەگەڕێتەوە، هەروەها گەرەکی(مامۆستایان) بە ڕووبەری تەنها(300م2) لە کۆتا پلە دێت، بە ڕێژەی کەمتر لە(2%) بەشداری دەکات لە پێکهێنانی کۆی ڕووبەری مزگەوتەکانی هەینی، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەبنەرەتتدا ئەو پارچە زەویە تایبەت بە زەوی یەکەی نیشتەجێبوون بووە و لەلایان کەسانی خێرخواز کڕدراوەو مزگەوتی هەینی لەسەر دروستکراوە.

هەرچی تایبەتە بەگەرەکەکانی تر کە ژمارەیان(8)گەرەکە و بۆ هەر یەکێکیان(1) مزگەوتی هەینییان تێدا بەدیدەکرێت بە قەبارەو ڕێژەی جیاواز لە ڕووی ڕووبەرەوە، لە بەرامبەردا گەرەکەکانی تری شارەکە کە ژمارەیان(11)گەرەکە هیچ دامەزراوەیەکی لەم جۆرەیان تێدا نی یە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا بەشێکی زۆر لەم گەرەکانە مێژووی دروستبوونیان نوێیە و ژمارەی دانیشتوانیان تێدا کەمە، هەروەها بەشێکیان ڕووبەری گەرەکەکانیان بچووکە و لە بنەرەتدا زەویان بۆ دروستکردنی مزگەوتی هەینی بۆ تەرخان نەکراوە، وەک گەرەکی(ڕووناکی و شێوەقۆر) .

**نەخشەی(1)دابەشبوونی جوگرافی مزگەوتی هەینی لە شاری بەردەرەش بۆ سالی2021**

| ناوی گەرەک | مزگەوتی هەینی | % | ڕووبەری گشتی م٢ | % |
|---|---|---|---|---|
| بەردەرەش بچووک | 1 | 7.14 | 2250 | 9.5 |
| شۆڕش | 1 | 7.14 | 1000 | 4.2 |
| شەهیدان | 1 | 7.14 | 2500 | 10.6 |
| خێلەکی | 3 | 21.34 | 4200 | 17.8 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئازادی | 1 | 7.14 | 2000 | 8.5 |
| معوقین | 2 | 14.4 | 5150 | 21.7 |
| سەرهەلدان | 1 | 7.14 | 400 | 1.7 |
| مامۆستایان | 1 | 7.14 | 300 | 1.3 |
| شەهیدانی نوێ | 1 | 7.14 | 750 | 3.2 |
| بەردەرەشی نوێ | 1 | 7.14 | 1600 | 6.8 |
| 730[2] | 1 | 7.14 | 3500 | 14.7 |
| کۆی گشتی | 14 | 100 | 23650 | 100 |

**سەرچاوە**: کاری توێژەر پشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئەوقاف، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقافی بەردەرەش، بەشی پلاندانان، داتاوزانیاری، بۆسالی 2021. سەردانی مەیدانی توێژەر لە بەرواری 2021/10/12

**ب- مزگەوت (المصلى):** بە سەیرکردن لەخشتەی(2)تێبینی ئەوە دەکەین کەوا (6)مزگەوت بەکۆی ڕووبەری(6140م2) لە ناوچەی لێکۆلینەوە بەدیدەکرێت، وبەسەر هەر یەک لە گەرەکەکانی(کوردستان، برایەتی، ڕۆشنبیری، بەردەرەشی بچووک، 730، ناوچەی پیشەسازی)دابەشبوونە. لە ڕووی ڕووبەرەوە (ناوچەی پیشەسازی) پلەی یەکەمی وەرگرتووە بەڕووبەری(1740م2)، کە ڕێژەی (41%)ی کۆی ڕووبەری مزگەتەکان پێکدەهێنێت، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا ڕووبەری ئەو مزگەوتە فراوانەو دەکەوێتە سەر ڕێگای(ئاکرێ- موصل)، هەروەها گەرەکی (ڕۆشنبیری)لە دواین پلە دێت بە ڕووبەری تەنها(150م2)، کە ڕێژەی(3.5%)ی کۆی ڕووبەری مزگەتەکان پێکدەهێنێت، بچوکی ڕووبەری ئەم مزگەوتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو پارچە زەویەی کە مزگەتەکەی لەسەر دروستکراوە پارچە زەویەکی نیشتەجێبوون بووە و لەلایەکن خێرخوازێکەوە کراوە بە مزگەوت.

خشتەی(2) دابەشبوونی جوگرافی مزگەوت لە شاری بەردەڕەش بۆ ساڵی 2021

| ناوی گەرەک | مزگەوت | % | ڕووبەری گشتی م٢ | % |
|---|---|---|---|---|
| کوردستان | 1 | 16.6 | 350 | 8.2 |
| برایەتی | 1 | 16.6 | 300 | 7 |
| ڕۆشنبیری | 1 | 16.6 | 150 | 3.5 |
| بەردەرەشی بچووک | 1 | 16.6 | 375 | 8.8 |

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 31.7 | 1350 | 16.6 | 1 | 730 |
| 40.8 | 1740 | 16.6 | 1 | ناوچەی پیشەسازی |
| 100 | 4265 | 100 | 6 | کۆی گشتی |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر پشتبەستن بە:1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئەوقاف، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقافی بەردەرەش، بەشی پلاندانان، داتاوزانیاری، بۆسالی 2021. سەردانی مەیدانی توێژەر لە بەروار2021/10/12

**ت- هۆلی بۆنە ئـاینیەکـان:** ژمـارەی هۆڵی بۆنە ئـاینیەکـان لە نـاوچەی لێکۆڵینەوە(4)هۆڵە بەکۆی ڕووبەری(2700م2) کە بەسـەر(4)گەڕەکی شـارەکە دابەشـبوونە،خشـتەی(3)، لە ڕوووی ڕووبەرەوە گەورەترین هۆل دەکەوێتە گەڕەکی(خێـلەکی) بە ڕووبەری(1000م2)، کە ڕێژەی(37%)ی کۆی ڕووبەری هۆلی بۆنە ئـاینیەکـانی شـــارەکە پێکـدەهێنێت، لەبەرامبەردا بچوکترین هۆڵ دەکەوێتە گەڕەکی(مـامۆسـتـایـان) بەڕووبەری(400م2) کە ڕێژەی نزیکەی(15%)ی کۆی ڕووبەری هۆلەکـان پێکدەهێنێت.

خشتەی(3) دابەشبوونی جوگرافی هۆڵی بۆنە ئاینیەکان لە شاری بەردەرەش بۆ سالی 2021

| % | ڕووبەری گشتی م٢ | % | هۆلی بۆنە ئاینیەکان | ناوی گەڕەک |
|---|---|---|---|---|
| 37 | 1000 | 25 | 1 | خێلەکی |
| 29.7 | 800 | 25 | 1 | ئازادی |
| 14.8 | 400 | 25 | 1 | مامۆستایان |
| 18.5 | 500 | 25 | 1 | معوقین |
| 100 | 2700 | 100 | 4 | کۆی گشتی |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر پشتبەستن بە:1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئەوقاف، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقافی بەردەرەش، بەشی پلاندانان، داتاوزانیاری، بۆسالی 2021. سەردانی مەیدانی توێژەر لە بەروار2021/10/12

**پ- گۆڕستانەکان:** بەسەیرکردن لە خشتەی(4)و نەخشەی(2) تێبینی ئەوە دەکەین کەوا(6)گۆڕستان بەکۆی ڕووبەری(64500م2) لەناوچەی لێکۆڵینەوە بەدیدەکرێت، لەم ژمارەیەش (3)گۆڕســتـان بە کۆی ڕووبەری(25000م2)، کە ڕێژەی نزیکەی(39%)ی کۆی گشــتی ڕووبەری گۆڕسـتـانەکانی شـاری بەردەرەش پێکدەهێنن دەکەونە هەر یەک لە گەڕەکەکانی (خێلەکی، بەردەرەشــی بچووک، ئازادی) و لە ئیستادا شوێنی بەتاڵیان نەماوە بۆ مردوو ناشتن، بەهۆی کۆنی مێژووەکەیان .

هەرچی تایبەتە بە(3)گۆرستانەکەی تر کە کۆی ڕووبەریان(39500م2)یە، کە بەرێژەی زیاتر لە(61%)ی کۆی گشتی ڕووبەری گۆرستانەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنن دەکەونە دەرەوەی سنووری شاری بەردەڕەش، کە لەبەشی باشووری شارەکە هەلکەتوونە، هۆکاری بوونی ئەم سێ گۆرستانە لە دەرەوەی سنووری گەرەکەکان لەلایەک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گۆرستانەکان پێویستیان بە ڕووبەرێکی فراوان هەیە و ئەم ڕووبەرەرەش بە پێویست نازانرێت لەناو سنووری ئاوەدانی شار بۆی دابین بکرێت، لەلایەکی تریشەوە لەڕووی دەرونیشەوە بەباش نازانرێت کە گۆرستانەکان لەناو یەکەکانی ئاوەدانی بونیان هەبێت، ئەمە وێرای ئەوەی کە ناوچە بەرزەکان بەباشترین شوێن دادەنرێن کە تایبەت بکرێت بە گۆرستان بۆ ئەوەی لە کارەساتی سروشتی وەک (لافاو) بەدووربێت، هەر ئەمانەش هۆکاربووە کە لەبەشی باشووری شارەکە زەوی بۆ گۆرستان تەرخان بکرێت. چونکە ناوچەیەکی بەرزترە بەبەراورد بە سنووری ئیستای ئاوەدانی شار.


خشتەی(4) دابەشبوونی جوگرافی گۆرستانەکانی شاری بەردەرەش بۆ سالی(2021)

| ناوی گەرەک | گۆرستان | % | ڕووبەر م٢ | % |
|---|---|---|---|---|
| خێلەکی | 1 | 16.66 | 1500 | 2.3 |
| بەردەرەش بچووک | 1 | 16.66 | 11500 | 17.9 |
| ئازادی | 1 | 16.66 | 12000 | 18.6 |
| ( *) | 3 | 50 | 39500 | 61.2 |
| کۆی گشتی | 6 | 100 | 64500 | 100 |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر بە پشتبەستن بەکاری مەیدانی لە ڕێکەوتی2021/10/12. وبەکارهێنانی پرۆگرامی(ArcGIS 10.7).

(*)بریتی یە لە (3) ناوچە، دەکەونە دەرەوەی سنووری ئاوەدانی، لە بەشی باشووری شاری بەردەڕەش هەڵکەتوونە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




نەخشەی(2) دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان لە شاری بەردەرەش بۆ سالی 2021
**سەرچاوە:** کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی(1، 2، 3، 4)

## 2-3 ئاراستەی و شێوازەکانی دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان

دابەشبوونی جوگرافی دیاردەکان دەرئەنجامی کۆتایی کۆمەلێك پەیوەندییە لە نێوان دیاردە جیاوازەکاندا، زانستی جوگرافیا هەوڵدەدات لەو پەیوەندیانە بکۆلێتەوە و شیکردنەوەی گونجاویان بۆ بکات بە پێی بەکارهێنانی شوێنی دیاردەکان(خیر، 2000، ص343). بە ئامانجی ئاشنابوونی زیاتری بابەتەکە هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی وورد لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندیەکانی ئاراستە و شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاریە ئایینەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**أ- ناوەندی شوێنی (Mean Center):** پاش جێبەجێکردنی تەکنیکی ناوەندی شوێنی بەسەر خزمەتگوزاریە ئاینیەکان، دەرئەنجامەکەی لە خشتەی(5)و نەخشەی(3)دا دەردەکەوێت کە ناوەندی شوێنی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان کەوتوەتە نزیک ناوەندی شوێنی ناوچەی لێکۆڵینەوە کەمێک دوورکەتنەوە بەلای باشووری ڕۆژئاوادا، کە دووری نێوانیان(404م)ە، بە دیارکراوی دەکەوێتە گەرەکی(ئازادی)، ئەمەش ئاماژەیە بە کۆبونەوەی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان لەم ناوچەیە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هۆکارەکەشـــی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم ناوچەیە نزیکە لە ســـەنتەری ناوچەی لێکۆلینەوە و بە سەنتەری جولەی دانیشتوان و بازرگانی دادەنرێت.

خشتەی(5) دەرئەنجامی ناوەندی شوێنی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان لە شاری بەردەڕەش بۆ ساڵی 2021

| خزمەتگوزاری | بەهای (X) | بەهای (Y) | شوێنی ناوەندی |
|---|---|---|---|
| خزمەتگوزاریە ئاینیەکان | 373332.9 | 4040767.7 | گەڕەکی ئازادی |

**سەرچاوە**: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە بنکەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی تەکنیکی ناوەندی شوێنی لە چوارچێوەی پرۆگرامی(Arc GIS 10.7) .

**ب- ئاراســـتەی دابەشـــبوون (Direction Distribution ):** ئاراســـتەی دابەشـــبوونی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان شـێوەی هێلکەیی وەرگرتووە، وەک لە خشـتەی(6)و نەخشـەی(2)دەردەکەوێت، بە جۆرێک ئاراســـتەکەی لە باشــووری ڕۆژ هەلات بۆ باکووری ڕۆژ ئاوایە، ناوەندی شـێوە هێلکەییەکە شــوێنی ناوەندییە(mean center)، ئەم شـــێوازەش گوزارشـــت لە شـــێوەی دابەشـــبوونی خزمەتگوزاریە ئـایـنـیەکـان دەکـات، بە جـۆرێـک(51.8%)ی خـزمەتـگـوزاریە ئـایـنـیەکـان دەگـرێـتە خـۆ، و پـلەی ســـوڕانەوەی(112.1)پلەیە لەئاراســـتەی باکوور، ئەمەش لەلایەک بۆ هەلکەوتەی ناوچەی توێژینەوە دەگەڕێتەوە، هەڵبەت ئەمەش کاریگەری لەســـەر چۆنیەتی دابەشـــبوونی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان هەبووە.


خشتەی(6) دەرئەنجامی ئاراستەی دابەشبوونی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان لە شاری بەردەڕەش بۆ ساڵی 2021

| خزمەتگوزاری | بەهای تەوەرەکانی ئاراستەی دابەشبوون | | | ژ. خزمەتگوزاری | ژ. خزمەتگوزاری ناو شێوە هێلکەییەکە | ڕێژەی سەدی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لەناو شێوە هێلکەییەکە | ئاراستەی دابەشبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەهای (X) | بەهای (Y) | پلەی سوڕانەوە | | | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خزمەتگوزاریە ئاینیەکان | 373332.9 | 4040767.7 | 112.1 | 27 | 14 | 51.8 | باشووری ڕۆژهەلات-باکووری ڕۆژ ئاوا |

**سەرچاوە**: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە بنکەی زانیاریە بەدەستهاتوەکان لە جێبەجێکردنی تەکنیکی ئاراستەی دابەشبوون لە چوارچێوەی پرۆگرامی(Arc GIS 10.7) .




نەخشەی(3) ناوەندی شوێنی وئاراستەیدابەشبوون ودووری پێوانەی بۆ خزمەتگوزاریە ئاینیەکان لە شاری بەردەرەش بۆ سالی 2021

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: زانیاریە بەدەست هاتوەکان 2- بەکارهێنانی پرۆگرامی(Arc GIS10.7 )

### پ- پەیوەندی نزیکتری هاوسێ(Nearest Neighbor Analysis) :

گرنگی بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە لەوەدایە کەوا شـــێوازەکانی دابەشـــبوونی دیاردەکان لە ناوچەی توێژینەوە پیشـــاندەدات. شـــێوازەکانیش چەند جۆرێکن وەک شـــێوازەی(کۆکراوەیی، هەرەمەکی، لەیەک دوور) (الجدبە، 2016، ص57). بۆ ئەم مەبەستەش لەخوارەوە باس لە شێوازی دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزاریە ئاینیەکانی ناوچەی توێژینەوە دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:-

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاش جێبەجێکردنی تەکنیکی هاوکۆلکەی نزیکترین هاوسێ(Nearest Neighbor Analysis)، لە چوارچێوەی (Spatial Statistic Tools) لە پرۆگرامی(Arc GIS10.7)دا، لەسەر داتاکانی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان، دەرئەنجامەکەی لە خشتەی(7)، شێوەی(1)دا دەردەکەوێت کە بەهای پێوەری(Z- Score)بریتییە لە(1.36) ئەم نرخەش دەکەوێتە چوارچێوەی پشتێنەی ناچاری( Critical Value)کە(2.58- تا 2.58)ە، واتا کەوتوەتە ناوچەی پەسەندکراو، بۆیە گریمانەی بنەرەتی ڕەتدەکەینەوە کە دەڵێت شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە شێوازێکی تایبەت وڕێکخراو لە ژێر کاریگەی هۆکاری دیاریکراودایە. بۆیە گریمانەی جێگیرەوە پەسەند دەکەین کە دەڵێت شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان شێوازێکی هەرەمەکییە دەرئەنجامی هۆکاری ڕێکەوت بووە.


هەروەها نرخی شێکردنەوەی پەیوەندی هاوسێیەتی گەیشتوەتە(1.13)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شێوازی دابەشبوونەکەیان شێوازێکی هەرەمەکی دووریەکی نارێکی وەرگرتووە، هۆکاری ئەمەش بۆ پێویستبوونی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان بەگشتی وخزمەتگوزاری(مزگەتی هەینی و مزگەت)بەتایبەتی لە زۆربەی گەرەکەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگەرێتەوە ، کە بوونیان هەیە.

لەدەرئەنجامی شیکردنەوەکە دەردەکەوێت کەوا خزمەتگوزاریە ئاینیەکان ئاستێکی بەرزی باوەرپێکراویان تۆمارکردووە لەوەی شێوازی دابەشبوونەکەیان شێوازێکی تایبەت وڕێکخراو بێت، واتا ئەگەری کەمتر لە(1%)ی هەیە هەڵەی تێدابێت لە ڕەتکردەوەی گریمانەی جێگیرەوە کە دەریخستووە دابەشبوونی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان شێوازێکی هەرەمەکی دەنوێنێت.

خشتەی(7) دەرئەنجامی پەیوەندی نزیکترین هاوسێیەتی بۆ خزمەتگوزاریە ئاینیەکان لە شاری بەردەڕەش بۆ ساڵی 2021

| خزمەتگوزاری | بەهای پەیوەندی هاوسێیەتی | بەهای پێوەری Z- Score | ئاستی باوەرپێکراو Signification Level | بار | شێوەی دابەشبوونی دامەزراوە ئاینیەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| خزمەتگوزاریە ئاینیەکان | 1.13 | 1.36 | Random | پەسەند کراو | دووریەکی نارێک |

**سەچاوە**: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە شێوەی(1).




شێوەی(1) دەرئەنجامی پەیوەندی نزیکترین هاوسێیەتی بۆ خزمەتگوزاریە ئاینیەکان لە شاری بەردەڕەش بۆساڵی 2021

**سەچاوە**: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە بنکەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی تەکنیکی پەیوەندی نزیکترین هاوسێ لە چوارچێوەی پرۆگرامی(Arc GIS10.7).

## 4- هەڵسەنگاندنی توانستی شوێنی و وەزیفی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان:

**4-1 توانستە شوێنیەکانی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان:** بە ئامانجی زانینی ڕادەی توانستی شوێنی ئەم خزمەتگوزاریە پشت دەبەستین بە پشتێنەی کاریگەری(Buffer)، و بەپێویستی دەزانین پیشتینەی کاریگەری تەنها بۆ دامەزراوەکانی(مزگەوتی هەینی ومزگەوت)دەربهێنین، ئەم دووریەش بەپێی پێوەری عیراقی بۆ مزگەتی هەینی(500م)و بۆ مزگەتیش(250م)دیاریکراوە بۆ ئەوماوەیەی کەوا کەسی نوێژخوێن دەیبڕێت بۆ گەیشتن پێیان،(عزیز، 2013، لا25). لێرەشدا هەوڵدەدەین بەجیا باس لە هەریەکێکیان بکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**أ- مزگەوتی هەینی:** باش جێبەجێکردنی تەکنیکی شیکردنەوەی پشتینەی کاریگەری بۆ مزگەوتی هەینی، دەرئەنجامەکەی لە خشتەی(8) ونەخشەی(4)بەدیاردەکەوێت، کە تێدا دەگەین بەو دەرئەنجامانەی خوارەوە:-

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- بەناویەکداچونێکی چڕ لە نێوان مەودای پشتینەی کاریگەری لە گشت بەشەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەدیدەکرێت ، تەنها بەشێکی کەم لە بەشی ڕۆژهەلاتدا نەبێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مزگەتەکانی هەینی ژمارەیان زۆرەو لەیەکتر نزیکن و بەسەر زۆربەی گەرەکەکانی شاردا بڵاوبونەتەوە.

2- ڕووبەری پشتینەی کاریگەری(532.7)هکتارە، کە ڕێژەی(69.1%)ی کۆی ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنێت، بەو واتایەی نزیکەی (31%)ی کۆی ڕووبەری شارەکە دەکەوێتە دەرەوەی چووارچێوەی پشتێنەی کاریگەری مزگەتەکانی هەینی.

3- هەر یەک لە گەرەکەکانی(فەرمانبەران، بەهار، پۆلیسان) ناکەونە ژێر پشتێنەی کاریگەری، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم سێ گەرەکە مێژووی دروستبوونیان نوێیەو چری دانیشتوان تێدا کەمە، بۆیەش مزگەوتی هەینیان تێدا دروست نەکراوە .

4- هەریەک لە گەرەکەکانی(ئازادی ستی، سەربەستی، برایەتی، لاوان) بە شیوەی ناتەواو بە ڕێژەی جیاواز دەکەونە ژێر پیشتینەی کاریگەری.

5- تەواوی گەرەکەکانی تری شارەکە کە ژمارەیان(18) گەرەکە بە شێوەی تەواو دەکەونە ژێر پشتێنەی کاریگەری .

بە سەرەنجدان لەو دەرئەنجامانەی سەرەوە دەکرێت بلێین دابەشبوونی مزگەتەکانی هەینی بە شێوەیەکی باش وپلاندانراو بەسەر ناوچەی لێکۆلینەوە دابەشبوونە، لەگەل بوونی کەموکورتیەکی کەم لەبەشی ڕۆژهەلاتی شارەکە.

خشتەی(8) دەرئەنجامی پشتینەی کاریگەری مزگەوتی هەینی و مزگەوت لە شاری بەردەڕەش بۆ ساڵی 2021

| خزمەتگوزاری | پێوەری دووری / م | ڕووبەری پشتینەی کاریگەر/هێکتار | بەگوێرەی ڕووبەری شار % | کەم % وکوڕی |
|---|---|---|---|---|
| مزگەوتی هەینی | 500 | 532.7 | 69.1 | 30.9 |
| مزگەوت | 250 | 107.5 | 13.9 | 86.1 |

**سەرچاوە**: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە بنکەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی تەکنیکی پشتینەی کاریگەری(Effect Zone) لە چوارچێوەی پرۆگرامی(Arc GIS 10.7) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ب- مزگەوت:** باش جێبەجێکردنی تەکنیکی شیکردنەوەی پشتینەی کاریگەری بۆ ئەم خزمەتگوزاریە، دەرئەنجامەکەی لە خشتەی(8) ونەخشەی(4)بەدیاردەکەوێت، بەم شێووەیە:-


1- ڕووبەری پشتینەی کاریگەری مزگەوت(107.5)هکتارە، کە ڕێژەی(13.9%)ی کۆی ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە پێک دەهێنێت، واتا بەڕێژەی(86.1%)ی ناوچە لێکۆڵینەوە ناکەوێتە ژێر پشتێنەی کاریگەری .

2- هیچ کام لە گەرەکەکانی شارەکە بە شێوەیەکی تەواو نەکەوتەوەتە ژێر پشتێنەی کاریگەری، هۆکاری ئەمەش لەلایەک بۆ کەمی ژمارەی مزگەتەکان و لەلایەکی تر بۆ فراوانی ڕووبەری گەرەکەکان بەبەراورد بە ڕووبەری پشتێنەی کاریگەری دەگەڕێتەوە.

4- هەر یەک لە گەرەکەکانی(ڕۆشنبیری، برایەتی، 730، مامۆستایان، کوردستان، بەردەرەش بچووک، معوقین، پیشەسازی نویَ) بە شێوەی ناتەواو بە ڕێژەی جیاواز دەکەنە ژێر پشتێنەی کاریگەری ئەم مزگەوتانە.

5- تەواوی گەرەکەکانی تر کە ژمارەیان(17) گەرەکە ناکەونە ژێر پشتێنەی کاریگەری، هۆکاری ئەمەش لەلایەکەوە بۆ کەمی ژمارەی مزگەوتەکان لەپاڵ بوونی ژمارەیەکی زۆرتری مزگەوتی هەینی دەگەڕێتەوە کە بەهامان ڕۆل هەڵدەستن، و لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی بە مێژووی دروستبوونی گەرەکەکانەوە هەیە، کە بەشێکیان گەرەکی نوێن وقەبارەو چری دانیشتوانیان کەمە، ئەمەش وایکردووە کە مزگەتیان تاکو ئیستا تیدا دروست نەکرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



نەخشەی(4) پشتێنەی کاریگەری (مزگەوتی هەینی مزگەوت) لە شاری بەردەرەش 2021

**سەرچاوە**: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:زانیاریە بەدەست هاتوەکان 2- بەکارهێنانی تەکنیکی (Buffer)لە چووارچێوەی پرۆگرامی(Arc GIS10.7 )

## 2-4 توانستە وەزیفیەکانی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان:-

توانستە وەزیفیەکان بریتیین لە توانـاداری هەر دامەزراوەیەکی خزمەتگوزاری لەو ئەرکەی پێی سپێردراوە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست وگونجاو بۆ دانیشتوان بەگوێرەی داواکاری و پێویستیەکان(سلیم وعزیز، 2015، 163). بۆیە هەلسەنگاندنی توانستی وەزیفی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە و بەراودکردنیان بە پێوەر و نیشاندەرەکانی پلاندانان بە بەشێکی گرنگی لێکۆڵینەوەکەمان دەزانین، بۆیە لەخوارەوە توانستە وەزیفیەکانی خزمەتگوزاریە ئاینیەکان هەلسەنگێنراوە بەپێی پێوەر ونیشاندەرەکانی پلاندانان، بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**1- پێوەری دانیشتوان:** هەر دامەزراوەیەکی ئاینی لە شاردا لەتوانایدایە خزمەتگوزاری پێشکەش بە ژمارەیەکی دیاریکراوی دانیشتوانبکات. بۆ ئەم مەبەستەش بۆ هەریەک لە دامەزراوە ئاینیەکانی(مزگەوتی هەینی ومزگەوت) بە گوێرەی پێوەرەکانی پلاندانی هەرێمی کوردستان هەر دامەزراوەیەکان بەرامبەر بە(5000)هەزار کەس دیارکراوە(عزیز، 2013، لا25) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەو پێیەی کە ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە(32360)کەسە و بەسەر گشت گەڕەکەکان دابەش بووە، بۆ ئەم مەبەستەش بە پیی پێوەر، ناوچەی لێکۆڵینەوە پێویستی بە(6 تا 7) مزگەتی هەینی و مزگەوت هەیە، بەسەرەنجدان لە خشتەی(9)تێبینی ئەوە دەکەین کەوا ناوچەی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخێکی زۆر باش دایە بەرامبەر بە ژمارەی مزگەوتەکانی هەینی کە خۆیان لە(14)مزگەوت دەبیننەوە، دیارە ئەمەش بەراورد بە پێوەر نزیکەی(7)مزگەوتی هەینی زیادە، هەرچی تایبەتە بە ژمارەی مزگەوت ژمارەیان(6)مزگەوتە، کە ئەمەش بەبەراورد بە پێوەر تەنها(1)مزگەوتی کەمە.

خشتەی(9) هەڵسەنگاندنی ژمارەی مزگەوتەکانی هەینی ومزگەوت بەرامبەر بە دانیشتوانی شاری بەردەڕەش بۆساڵی 2021


| گەڕەک | ژ.مزگەتی هەینی | ژ.مزگەت | بەشی هەر **مزگەتێکی هەینی** لە دانیشتوان | بەشی هەر **مزگەتێک** لە دانیشتوان | گەڕەک | ژ.مزگەتی هەینی | ژ.مزگەت | بەشی هەر **مزگەتێکی هەینی** لە دانیشتوان | بەشی هەر **مزگەتێک** لە دانیشتوان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شۆڕش | 1 | - | *2517 | - | ئازادی | 1 | - | *747 | - |
| 730 | - | 1 | - | ***5915 | شێوەقۆڕ | - | - | - | - |
| خێلەکی | 3 | - | *856 | - | سەربەستی | - | - | - | - |
| معوقین | 2 | - | *1862 | - | لاوان | - | - | - | - |
| بەردەڕەشی بچووک | 1 | 1 | *2438 | *2438 | شەهیدانی نوێ | 1 | - | *371 | - |
| کوردستان | - | 1 | *2167 | - | 730[2] | 1 | - | *239 | - |
| ڕووناکی | - | - | - | - | سەرهەلدان | 1 | - | *212 | - |
| شەهیدان | 1 | - | *1855 | - | ئازدی ستی | - | - | - | - |
| برایەتی | - | 1 | - | *1431 | ڕۆشنبیری | - | 1 | - | *186 |
| خەبات | - | - | - | - | پۆلیسان | - | - | - | - |
| مامۆستایان | 1 | - | *1113 | - | فەرمانبەران | - | - | - | - |
| بانایی | - | - | - | - | بەهار | - | - | - | - |
| بەردەرەشی نوێ | 1 | - | *816 | - | ناوچەی پیشەسازی | - | 1 | - | 0 |
| **کۆی گشتی** | | | | | | ***14 | **6 | | |
| **بەشی هەر دامەزراوەیەک لەسەر ئاستی شار** | | | | | | | | *2311 | ***5393 |

**سەرچاوە**: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە زانیاریە بەدەست هاتوەکان

**= * کەمترە لە پێوەر. **=هاوتایە لەگەڵ پێوەر. ***= زیاترە لە پێوەر. - = تیایدا نییە.**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


هەروەها لەسەر ئاستی گەرەکەکان، بە سەرەنجدان لە خشتەکە تێبینی ئەوە دەکەین هەموو ئەو گەرەکەکانەی (مزگەوتی هەینی ومزگەوت)تیان تێدایە لە باروودۆخێکی باش دانە، ئەمە جگە لەگەرەکی(730) کە زیاترە لە پێوەر، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاترە لە(5000)کەس وتەنها یەک(مزگەوت)ی تیدایە، و (مزگەوتی هەینی)شی تێدا بەدیناکرێت کە دەبوایە هەیبێت، و ئەمەش لەلایەک پاڵەپەستۆ لەسەر ئەم مزگەوتە دروست دەکات، و لەلایەکی تریش نوێژخوێنانی ئەم گەرەکە ناچارن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی نوێژەکانی هەینی، ڕوو لەو مزگەوتانە بکەن کە دەکەوێتە گەرەکەکانی دەورەبەریان.




نەخشەی(5)بەشی مزگەتەکانی هەینی شاری بەردەرەش لە دانیشتوان بۆ سالی 2021

**سەرچاوە**: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی(9)و بەکارهێنانی تەکنیکی (Buffer)لە چووارچێوەی پرۆگرامی( Arc GIS10.7 )

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




خشەی(6)بەشی مزگەتەکانی شاری بەردەرەش لە دانیشتوان بۆ سالی 2021

**سەرچاوە** : کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی(9) و بەکارهێنانی پرۆگرامی(Arc GIS10.7 )

**2- پێوەری ڕووبەر:** بەیەکێک لە پێوەرە گرنگەکان دادەنرێت کە لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت ڕووبەری گشـتی بۆ (مزگەوتی هەینی و مزگەوت)دەسـتنیشـانبکرێت، و ئەم پێوەرە لە ولاتێک بۆ ولاتێکی تر جیاوازە، بەجۆرێک بە پێی پێوەرەکانی پلاندانان لە هەرێمی کوردسـتان(2000م2) بۆ مزگەوتی هەینی و(1200م2) بۆ مزگەوت دیاریکراوە، (عزیز،2013، لا19-25) بە پشت بەستن بەم پێوەرانە هەلسـەنگاندن بۆ ڕووبەری مزگەوتی هەینی ومزگەوتی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەین بەم شـێوەی خوارەوە:-


**أ- مزگەتی هەینی:** تێکڕایی ڕووبەری گشـتی مزگەوتەکانی هەینی دەگاتە(1690م2) وەک ئاشـکرایە ئەمەش کەمترە لە پێوەر، هۆکاری ئەمەش بۆ کەمی ڕووبەری گشـتی ژمارەیەک لە مزگەوتەکانی هەینی لەشـارەکەدا دەگەڕێتەوە، بەڵام لەسـەر ئاسـتی گەرەکەکان جیاوازی لە تێکڕای ڕووبەری مزگەوتەکانی هەینی بەدی دەکرێت، بە جۆرێک گەرەکی(معوقین)پلەی یەکەم وەردەگرێت بە ڕووبەری(5150م2)، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا گەرەکی ناوبراو(2)مزگەوتی هەینی تێدایە، و ئەمەش بە خالێکی باش دادەنرێت، هەروەها گەرەکی(مامۆسـتایان) لە دواین پلە دێت بە ڕووبەری تەنها(300م)، و ئەمەش ڕووبەرێکی زۆر کەمترە لە پێوەرو بە خالێکی نەرێنی دادەنرێت بۆ ئەم گەرەکە. بەمەبەسـتی ئاشـنا بوون بە بارودۆخی گەرەکەکانی تر بڕوانە خشـتەی(4-14)و نەخشەی(4-7).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی(10)هەڵسەنگاندنی تێکڕای ڕووبەری گشتی مزگەوتەکانی هەینی لە شاری بەردەڕەش بۆ سالی 2021

| ناوی گەڕەک | مزگەوتی هەینی | ڕووبەری گشتی/م2 | ناوی گەڕەک | مزگەوتی هەینی | ڕووبەری گشتی/م2 |
|---|---|---|---|---|---|
| بەردەڕەش بچووک | 1 | ***2250 | سەرهەلدان | 1 | 400* |
| شۆڕش | 1 | 1000* | مامۆستایان | 1 | 300* |
| شەهیدان | 1 | 2500*** | شەهیدانی نوێ | 1 | 750* |
| خێلەکی | 3 | 4200* | بەردەڕەشی نوێ | 1 | 1600* |
| ئازادی | 1 | 2000** | 730[2] | 1 | 3500*** |
| معوقین | 2 | 5150*** | **تێکڕای ڕووبەری گشتی لەسەر ئاستی شاردا** | | **1690م2** |

**سه سەرچاوە**: کاری توێژەر پشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئەوقاف، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقافی بەردەرەش، بەشی پلاندانان، داتاوزانیاری، بۆسالی 2021. سەردانی مەیدانی توێژەر لە بەرواری 2021/10/12




نەخشەی(7)هەلسەنگاندنی تێکڕای ڕووبەری مزگەتەکانی هەینی شاری بەردەڕەش بۆ سالی 2021
**سەرچاوە**: کاری توێژەر بە پشت بەست بە خشتەی(10). بەکارهێنانی پرۆگرامی( Arc GIS10.7 )

**ب- مزگەوت:** تێکرایی ڕووبەری گشتی مزگەوتەکان کەبەسەر(5)گەڕەک و ناوچەیەکی پیشەسازی دابەش بوونە، کە ڕێژەی(20%)ی گەرەکەکانی شارپێکدەهێنن، و خۆیان لە(6)مزگەوت دەبینێتەوە، تێکڕای ڕووبەریان دەگاتە(711م2) هەڵبەتە ئەم ڕووبەرەش کەمترە لە پێوەر، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا لەم ژمارەیەدا (4) مزگەوت ڕووبەرەکەیان زۆر بچووکە، بەجۆرێک ڕووبەری هیچ یەکێکیان ناگاتە(400م2)، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا ئەم مزگەوتانە لەسەر


گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پارچە زەویەکی تایبەت بە یەکەی نیشـــتەجێبوون لەلایان کەســـانی خێرخواز دروســـتکراون، بڕوانە خشتەی(4-15)

خشتەی(11)هەڵسەنگاندنی تێکڕای ڕووبەری گشتی مزگەوتەکانی شاری بەردەڕەش بۆ سالی 2021.

| ناوی گەرەک | مزگەوت | ڕووبەری گشتی/م2 | ناوی گەرەک | مزگەوت | ڕووبەری گشتی/م2 |
|---|---|---|---|---|---|
| کوردستان | 1 | 350* | بەردەڕەشی بچووک | 1 | 375* |
| برایەتی | 1 | 300* | 730 | 1 | 1350*** |
| ڕۆشنبیری | 1 | 150* | ناوچەی پیشەسازی | 1 | 1740*** |
| ناوەندی ڕووبەری گشتی / م2 | | | | | 711* |

**سەرچاوە**: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە زانیاریە بەدەست هاتووەکان




نەخشەی(8)هەلسەنگاندنی تێکڕای ڕووبەری مزگەتەکانی هەینی شاری بەردەڕەش بۆ سالی 2021
**سەرچاوە**: کاری توێژەر بە پشت بەست بە خشتەی(11)و بەکارهێنانی پرۆگرامی(Arc GIS10.7 )

## 4-2-2 نیشاندەرەکانی پلاندانان بۆ خزمەتگوزاریە ئاینیەکان

لەم خزمەتگوزاریەدا ئاماژە بە نیشاندەری بەشی تاک لە ڕووبەری گشتی(مزگەوتی هەینی ومزگەوت) لەڕێگەی بەراودکردنیان بە نیشاندەرەکانی پلاندانانی هەرێمی کوردستانەوە هەلسەنگاندن بۆ دۆخی ئەم دوو دامەزراوە ئاینیە دەکەین، بەجۆرێک دیارکردنی بەشـــی تاک لە ڕووبەری گشـــتی مزگەوتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەینی و مزگەوت بە پێوەرێکی گرنگ دادەرێت بۆ هەلسەنگاندنی توانای دامەزراوە ئاینیەکان، بەگوێرەی نیشاندەر بە شی تاك لەکۆی ڕووبەری گشتی شار بە (0.4م2/) بۆ مزگەوتی هەینی و(0.24م2/) بۆ مزگەوت دیاریکراوە، (عزیز، 2013، لا114). جیاوازی لە چۆنیەتی دابەشبوونی دانیشتوان وچریان وژمارەو ڕووبەری (مزگەوتی هەینی و مزگەوت) لە نێوان گەرەکەکانی شاردا بوەتە هۆی دروستبوونی جیاوازی لە بەشی تاک لە ڕووبەری گشتی لەسەر ئاستی گەرەکەکانی شاردا، بەمەبەستی ڕوونکردنەوە زیاتر لەخوارەوە باسیان لێوە دەکەین:-

**1- نیشاندەرەی بەشی تاک لە ڕووبەری گشتی مزگەوتی هەینی:** بەسەرەنجدان لە خشتەی(12) تێبینی ئەوە دەکەین کەوا بەشی تاك لە ڕووبەری گشتی ئەم دامەزراوەیە لەسەر ئاستی شاردا(0.6م2)یە، کە ئەمەش زیاترە لە نیشاندەر و بە خالێکی ئەرێنی دادەنرێت بۆ ناوچەی لێکۆلینەوە، هۆکاری ئەمەش بۆ زۆری ژمارەی مزگەتەکانی هەینی دەگەرێتەوە .

بەڵام لەسەر ئاستی گەرەکەکان جیاوازی بەدیدەکرێت، بەجۆرێک هەریەک لە گەرەکەکانی(شۆرش، خێلەکی، معوقین، شەهیدان، بەردەرەشی نوێ، ئازادی، $730^2$، سەرهەلدان) لە بارودۆخێکی باش دانە و بەشی تاك لەو ڕووبەرە هاوتایە یان زیاترە لە نیشاندەر، ئەمەش بە خالێکی باش دادەنریت بۆ ئەم گەرەکەکانە، هۆکاری ئەمەش لەلایەکەوە بۆ کەمی ژمارەی دانیشتوان و لەلایەکی گریشەوە بۆ فراوانی ڕووبەری مزگەوتەکانی هەینی لە گەرەکانە دەگەرێتەوە. هەرچی تایبەتە بە هەر یەک لە گەرەکەکانی( بەردەرەشی بچووک، مامۆستایان)بەشی تاک لەو ڕووبەرە کەمترە لە نیشاندەر، هۆکاری ئەمەش بۆ زۆری ژمارەی دانیشتوان و بچووکی ڕووبەری مزگەوتەکانی هەینی لەم گەرەکانە دەگەرێتەوە .

خشتەی(12)هەڵسەنگاندنی بەشی تاک لە ڕووبەری گشتی مزگەوتەکانی هەینی شاری بەردەرەش بۆ سالی 2021


| گەرەک | ژ مزگەوتی هەینی | نیشاندەری بەشی تاک لە ڕوووبەری گشتی مزگەوتی هەینی(0.4م2/کەس | گەرەک | ژ مزگەوتی هەینی | نیشاندەری بەشی تاک لە ڕوووبەری گشتی مزگەوتی هەینی(0.4م2/کەس |
|---|---|---|---|---|---|
| شۆرش | 1 | 0.4** | ئازادی | 1 | 2.6*** |
| 730 | - | - | شێوەقۆر | - | - |
| خێلەکی | 3 | 1.6*** | سەربەستی | - | - |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| معوقین | 2 | ***1.4 | لاوان | - | - |
| بەردەررەشی بچووک | 1 | *0.1 | شەهیدانی نوێ | 1 | ***2 |
| کوردستان | - | - | 730[2] | 1 | ***14.6 |
| ڕووناکی | - | - | سەرهەلدان | 1 | ***1.8 |
| شەهیدان | 1 | ***1.3 | ئازدی ستی | - | - |
| برایەتی | - | - | ڕۆشنبیری | - | - |
| خەبات | - | - | پۆلیسان | - | - |
| ماموستایان | 1 | *0.2 | فەرمانبەران | - | - |
| بانایی | - | - | بەهار | - | - |
| بەردەرەشی نوێ | 1 | ***1.9 | ناوچەی پیشەسازی | - | - |
| بەشی تاکە کەس لەسەر ئاستی شاردا | | | | | ***0.6 |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر بە پشت بەستن بە زانیاریە بەدەستهاتووەکان

*= کەمترە لە پێوەر.   **= هاوتایە لەگەل پێوەر.   ***= زیاترە لە پیوەر.   -= تێیدا نییە




نەخشتەی(9)هەلشەنگاندنی بەشی تاکە کەس لە ڕووبەری گشتی مزگەتەکانی هەینی شاری بەردەرەش بۆ سالی 2021

**سەرچاوە:** کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی(12)و بەکارهێنانی پرۆگرامی( Arc GIS10.7 )

**2- نیشاندەری بەشی تاک لە ڕووبەری گشتی مزگەوت:** بەسەرەنجدان لە خشتەی(13) تێبینی ئەوە دەکەین کەوا بەشی تاك لە ڕووبەری گشتی مزگەوت لەسەر ئاستی شاردا(0.2م2)یە، کە ئەمەش لە پێوەر کەمترە کە بە(0.24م2)دانراوە، هۆکاری ئەمەش بۆ کەمی ژمارەی مزگەتەکان لە شـــارەکەدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەگەرێتەوە. بەلام لەسەر ئاستی گەرەکەکان جیاوازی بەدیدەکرێت، بەجۆرێک هەریەک لە گەرەکەکانی(بەردەرەشی بچووک، رۆشنبیری) لە بارودۆخێکی باش دانە و بەشی تاك لەم رووبەرە زیاترە لە نیشاندەر، و ئەمەش بە خالێک باش دادەنریت بۆ ئەم گەرەکەکانە، هۆکاری ئەمەش بۆ کەمی ژمارەی دانیشتوان و فراوانی رووبەری مزگەوتەکان دەگەرێتەوە، هەرچی تایبەتە بە گەرەکی(730، کوردستان، برایەتی)بەشی تاک لەو رووبەرە کەمترە لە نیشاندەر، هۆکاری ئەمەش بۆ بچووکی رووبەری مزگەوتەکانی ئەم گەرەکانە دەگەرێتەوە، هەروەها ناوچەی پیشەسازیش مزگەوتێکی تێدا بەلام چونکە دانیشتوانی تیدا نیشتەجێ نییە بۆیە هەڵسەنگاندنمان بۆ نەکردووە، هەرچی تایبەتە بە گەرەکەکانی تر کە ژمارەیان(20)گەرەکە ئەوا هیچ مزگەوتێکیان تێدا بەدی ناکرێت، بەشێکیشیان مزگەوتی هەیبیان تیدایە کە هەمان رۆل دەبینێت هەر بۆیە مزگەوتیان تیدا دروست نەکراوە.


خشتەی(13)بەشی تاکە کەس لە رووبەری مزگەتەکانی شاری بەردەرەش بۆ سالی 2021

| گەرەک | ژ. مزگەوت | بەشی تاک لە رووووبەری گشتی مزگەت(0.24م2/کەس) | گەرەک | ژ. مزگەوت | بەشی تاک لە رووووبەری گشتی مزگەت(0.24م2/کەس) |
|---|---|---|---|---|---|
| شۆرش | | - | ئازادی | | - |
| 730 | 1 | *0.2 | شێوەقۆر | | - |
| خێلەکی | | - | سەربەستی | | - |
| معوقین | | - | لاوان | | - |
| بەردەررەشی بچووک | 1 | ***0.9 | شەهیدانی نوێ | | - |
| کوردستان | 1 | *0.16 | 730² | | - |
| رووناکی | | - | سەرهەلدان | | - |
| شەهیدان | | - | ئازدی ستی | | - |
| برایەتی | 1 | *0.2 | رۆشنبیری | 1 | ***0.8 |
| خەبات | | - | پۆلیسان | | - |
| مامۆستایان | | - | فەرمانبەران | | - |
| بانایی | | - | بەهار | | - |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بەردەرەشی نوێ | | - | ناوچەی پیشەسازی | 1 | (*) |
| بەشی تاکە کەس لەسەر ئاستی شاردا | | | | | *0.2 |

**سەرچاوە**: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە زانیاریە بەدەست هاتوەکان




نەخشتەی(10)هەڵسەنگاندنی بەشی تاکە کەس لە ڕووبەری گشتی مزگەتەکانی شاری بەردەرەش بۆ ساڵی 2021

**سەرچاوە**: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی(13)و بەکارهێنانی پرۆگرامی(Arc GIS10.7 )

**3- ئاسانی گەیشتن(سهولة الوصول):** بەیەکێک لەو میتۆدە زانستیانە دادەنرێت کە بەکاردەهێنرێت بۆ پێوانەکردن و هەلسەنگاندنی توانستی خزمەتگوزاریەکان لە نێویشیاندا خزمەتگوزاریە ئاینیەکان، کە پشتن بە دووری شوێنی خزمەتگوزاریەکان و شوێنی نیشتەجێبوونی دانیشتوان لەلایەک و ماوەی پێویست بۆ گەیشتن بە خزمەتگوزاریەکان لە ڕێگەی ئاسانی و بەردەست بوونی تۆڕەکانی گواستنەوە لەلایەکی تر دەبەستێت،(الجميلي، 2007، ص233 ) بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕێگەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دابەشــکردنی(250)فۆرمی ڕاپرســی بە شــێوەی مەیـدانی کە(240)فۆرمیـان گەڕێنراوەتەوە و زانیاریەکانیان تێدا تۆمارکراوە، پشت بەست بەو زانیاریانەی کەلەناو فۆرمەکە تۆمارکراوە، لە ڕێگەی بەراوردکردنیان بە نیشـاندەرەکانی ئاماژە بۆکراو هەلسـەنگاندن بۆ خزمەتگوزاریە ئاینیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەین، بەم شێوەی خوارەوە:-

**أ- پێوەری دووری:** ئەم دووریە لە ولاتێک بۆ ولاتێکی تر گۆڕانکاریان بەســەردەدایێت، بە پێی پێوەری هەرێمی کوردستان ئەو دووریەی کەوا کەسی نوێژخوێن دەیبڕێت بۆ گەیشتن بە مزگەوت(250م) و بۆ مزگەوتی هەینـی(500م)دیـاریکراوە ، بەڵام ئێمە لە فۆرمەکەدا بۆ هەردوو دامەزراوە لەژێر ناوی(مزگەوت) داتاکانمان وەرگرتووە، چونکە لەلایەک مزگەوتی هەینی هەمان ئەرکی مزگەوتیش لە شــارەکە پێشــکەش بە نوێژخوێنان دەکات و لەلایەکی تریش بەمەبەسـتی تێگەیشـتی ئاسـانتر لێی لەلایـان هـاولاتیـان. بەســەرەنجـدان لە خشــتەی(14)تێبینی ئەوە دەکەین کەوا زیـاتر لە نیوەی نوێژخوێنان کە ڕێژەی(51%)یە هاوتانە لەگەڵ پێوەر لە بڕینی ئەو ماوەیەی کە دەڕۆن بۆ(مزگەوت)، و ڕێژەی(38%) کەمترن لە پێوەر، کە ئەمەش بەخـاڵێکی بـاش دادەنرێـت بۆ نـاوچەی لێکۆڵینەوە، هۆکاری ئەمەش بۆ زۆری ژمارەی ئەم دامەزراوە ئاینیانە لەلایەک و دابەشــبوونیان بەســەر زۆربەی گەرەکەکانی شارەکە لەلایەکی تر دەگەڕێتەوە . هەروەها ڕێژەی(11%) زیاترن لە پێوەر.

خشتەی(14)هەلسەنگاندنی پێوەری دووری بۆ مزگەوت لە شاری بەردەڕەش بۆ سالی 2021

| دووری م2 / خزمەتگوزاری ئاینی | کەمتر لە300 % | 500-300 % | زیاتر لە 500 % | کۆی گشتی % |
|---|---|---|---|---|
| مزگەوت | 38 | 51 | 11 | 100 |

**سەرچاوە**: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: فۆرمی ڕاپرسی  لە ڕێگەی کاری مەیدانی توێژەر.

**ب- پێوەری کات:** مەبەســت لێی ئەو کات وماوەیەیە کەوا  نوێژخوێن پێویســتیەتی لە شــوێنی نیشـتەجێبوونی بۆ گەیشـتن بە مزگەوت، جا ڕۆیشـتن بەپێی بێت یان بە هۆکارەکانی گواسـتنەوە، بە ســەرەنجدان لە خشــتەی(15) تێبینی ئەوە دەکەین ڕێژەی(44%) نوێژخوێنان کە بەرزترین ڕێژەیە کەمتر لە(5)خولەکیـان پێویســتە بۆ گەیشــتن بە مزگەوت، هۆکـاری ئەمەش بۆ زۆری ژمـارەی مزگەوتەکان ودابەشـبوونیان بەسـەر زۆربەی گەرەکەکانی شـار دەگەڕێتەوە، هەروەها ڕێژەی(10%)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نوێژخوێنان بە زیاتر لە(15)خولەک دەگەن بە مزگەوت، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کەوا بەشێک لە گەرەکاکانی شاری بەردەرەش مێژووی دروستبوونیان نوێیە و مزگەوتی تێدا نییە، بۆ ئەنجامدانی نوێژەکانیان لە مزگەوت نوێژخوێنان ئەو ماوەیەیان پێویستە بۆ گەیشتن پێیان .

سەبارەت بە هۆکارەکانی گواستنەوە ڕێژەی(11%)نوێژخوێنان ئۆتۆمبێل بەکاردەهێنین بۆ گەیشتنیان بە مزگەوت، هەروەها ڕێژەی(89%) نوێژخوێنان بە پێیان دەرۆن بۆ چونیان بۆ مزگەوت، هەلبەتە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە، هۆکاری ئەمەش بۆ نزیکی مزگەتەکان لە شوێنی نیشتەجێبوونیان و زۆری ژمارەی مزگەتەکان شارەکەدا دەگەرێتەوە .

خشتەی(15)هەلسەنگاندنی پێوەری کات و دەسنیشانکردنی هۆکارەکانی گواستنەوە بۆ گەیشتن بە مزگەوت لە شاری بەردەڕەش بۆ سالی 2021

| دووری م2 / خزمەتگوزاری ئاینی | کەمترلە 5 خولەک | 10-5 خولەک | 15-10 خولەک | زیاتر لە 15 خولەک | کۆی گشتی | هۆکاری گواستنەوە | بە پێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | % | % | % | % | % | % | % | % |
| مزگەوت | 44 | 38 | 8 | 10 | 100 | 11 | 89 | 100 |

**سەرچاوە**: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: فۆرمی ڕاپرسی وکاری مەیدانی توێژەر.

**4- ڕاددەی ڕازیبوون(درجة الرضا):** لەم نیشاندەرەدا لە ڕێگەی(240)فۆرمی ڕاپرسی بە شێوەی کاری مەیدانی بۆچونی بەشێک لە هاولاتیانی شاری بەردەڕەش وەرگیراوە سەبارەت ئاستی ڕازیبوونیان بەرامبەر بە خزمەتگوزاریە ئاینیەکان، بەسەرەنجدان لە خشتەی(16)تێبینی ئەوە دەکەین کەوا بۆچونی هاولاتیان جیاواز بووە سەبارەت بە ئاستی ڕازیبوونیان بەرامبەر بەم خزمەتگوزاریە، بەجۆرێک ڕێژەی(4%) هاولاتیانی شاری بەردەڕەش زۆر ڕازین، و ڕێژەی(43%) کە بەرزترین ڕێژەیە ڕازین لەم خزمەتگوزاریە، و ڕێژی(40%)هاولاتیان تاڕدەیەک ڕازین، هەروەها ڕێژەی(13%)هاولاتیان کە ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە ناڕازین لەم خزمەتگوزاریە، هۆکاری ئەمەش بۆ نەبوونی مزگەوت لەو گەرەکانەی کە نوێین و دەکەونە لێواری شارەکەدا دەگەرێتەوە ، وەک ئەوەی لە فۆرمی ڕاپرسیەکەدا بەشێک لە هاولاتیان بۆچونی خۆیان سەبارەت بە هۆکاری ناڕازیبوونیان خستوەتە ڕوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی(16)ئاستی ڕازیبوونی هاولاتیان لە شاری بەردەڕەش بۆ سالی 2021

| ئاستی ڕازیبوون | ناڕازم | تا ڕادەیەک ڕازیم | ڕازیم | زۆر ڕازیم | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| | % | % | % | % | % |
| خزمەتگوزاری ئاینی | 13 | 40 | 43 | 4 | 100 |

**سه رچاوه**: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: فۆرمی ڕاپرسی وکاری مەیدانی توێژەر.

**دەرئەنجام :**

1- مزگەوتەکانی هەینی(الجامع)لە شاری بەردەڕەش ژمارەیان لە پێویست زیاترە و ڕۆلی مزگەوتیش دەبینن، هەر ئەمەش وایکردووە کە ژمارەی مزگەوتەکان(مصلی) بە پێی پێویست نەبێت.

2- دابەشـبوونی دامەزراوە ئاینیەکانی(مزگەوتەکانی هەینی و مزگەوت)شـێوەیەکی لەیەک دووری هەرەمەکیان وەرگرتووە.

3- نزیکەی(90%) نوێژخوێنانی شارەکە بە پێی دەڕۆن بۆ مزگەوت بە هۆی نزیکیان لە و دامەزراوانە.

4- دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی گشتی بە ڕێژەی(87%) لە خزمەتگوزاریە ئاینیەکان ڕازین.

**ڕاسپاردە:**

1- دروستکردنی مزگەوت(مصلی) لەوگەڕەکانەی کە مێژووی دروستبونیان نوێیە و مزگەوتی تێدا نی یە.

2- فراوانکردنی ڕوووبەری ئەو مزگەوت و مزگەوتی هەینیانەی کەوا لە پێوەر کەمترن.

3- ڕاچاوکردنی پێوەرەکانی پلاندانان لە کاتی دابەشبوونی شوێنی بۆ دامەزراوە ئاینیەکانی(مزگەوتی هەینی ومزگەوت).

4- ئاسـانکاری بکرێت لەلایەن لەلایان پەیوەندی دارەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ دروسـتکردنی مزگەوت لەلایەن کەسانی خەلکی خێرخواز لەو گەرەکانەی مزگەوتیان نییە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردیەکان

1- عزیز، امیر قادر،٢٠١٣، هەلسەنگاندنێکی جوگرافی بۆ بەکارهێنانەکانی زەوی ئاینی لە شاری هەولێربەبەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS)، نامەی ماستەر، بلاونەکراوە، کۆلێژی ئەدەبیات،زانکۆی صلاح الدین. هەولێر.

2- سلیم، هیوا صادق و عزیز، امیر قادر، 2015، تایبەتمەندیە جوگرافیەکانی دابەشبوونی مزگەتەکانی شاری کۆیە بەبەکارهێنانی تەکنیکەکانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS)، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەرگی19، ژمارە3 .

3- گۆران، یاسین حەسەن،2014، گۆران لە نێوان زێی بادینان وڕووباری خازربەڕیوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان، ژمارەی سپاردنی(417)، چاپی یەکەم.

4- تۆڤی، موسەدەق، 2017، ئینسکلۆپیدیا پارێزگەها دهۆکێ، بەرگی یەکەم.

### سەرچاوە عەرەبیەکان:

1- الجميلى، رياض كاظم سلمان،2007، كفاءة التوزيع المكاني للخدمات المجتمعية( التعليمية و الصحية و الترفيهية) في مدينة كرتبلاء، أطروحة( غير منشورة)جامعة بغداد، كلية تربية.

2- خير، صفوح، 2000، الجغرافية موضوعها و مناهجها وأهدافيها، دار الفكر-دمشق، الطبعة الأولى.

3-عبو، مزگين محمد حسن،2020، التقيم الجغرافي لخدمات المساجد في مدينة دهۆك، مجلة جامعة دهۆك، المجلد23، العدد2، العلوم الانسانية و الاجتماعية.

4- الجدبه، عبدالكريم منصور، 2016، الخدمات الدينية في محافظة عزة، ريساله ماجستير(غير منشورة) جامعة الاسلامية-غزة، شئون البحث العلمى و الدراسات العليا، كلية الأداب، قسم الجغرافية.

### سەرچاوەی ئینگلێزی:

1- Lagrab, Waled & AKNIN, 2015, Analysis of Education Services Distribution-Based Geographic Information System (GIS), international journal of scientific & research volume4, issue03, march2015.

### سەرچاوەی حکومی:

1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئەوقاف، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقافی بەردەرەش، بەشی پلاندانان، داتاوزانیاری، بۆسالی2021

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی، بەرێوەبەرایەتی شارەوانی بەردەڕەش، هۆبەی نەخشەسازی.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# A Geographical Analysis of Religious Services in Bardarash City Using Geographical Information System (GIS)

**Asst. Prof. Dr. Hewa Sadiq Saleem**
Department of Geography, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Hewa.saleem@su.edu.krd

**Basim Qasim Sulaiman**
Department of Geography, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Basmqasm00@gmail.com

***Keywords:*** *Service, Religious Service, Efficiency, Stady Area, Spatial Analysis, Ossyphere Analysis.*

## Abstract

Religion service is one the topics that the geographical people have been focusing on. This takes place through being aware of their division, existence and their abilities with attempts to mention their disadvantages. These services in our researching area consists of 10 Friday mosques,6 mosques, 4 halls used for religion celebrations and 6 cemeteries. In this paper it has been attempted to know the extent to which these places serve people and to what extent they fit with the principles of these places. For achieving these goals this paper has adapted the (GIS) geographical information system technique. A questionnaire was distributed among people of the place where the research is made to know whether they think these services serve people in a good way or not.

# التحليل الجغرافي للخدمات الدينية في مدينة بردرش بأستخدام نظم المعلومات الجغرافية(GIS)

## الخلاصة

تعد الخدمات الدينية من المواضـــيع التي أخذت حيزا لابأس به من اهتمام الجغرافيين من خلال معرفة توزيعها وكفايتها وكفاءتها والكشــف عن مواطن الخلل ويتمثل تلك الخدمات في منطقة الدراســة ب (11) جامع و (6) مســجد و(4) قاعة للمناســبات الدينية و (6) مقابر موزعة على احياء الســكنية بشــكل متباين . تناول البحث

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

الكشف عن واقع هذه الخدمة ومعرفة حجمها وتوزيعها المكاني قياساً بحجم السكان فيها، فضلاً عن ذلك قياس مدى كفاءتها المكانية والوظيفية، ومعرفة مدى تطابق مواصفاتها مع المعايير المحلية، اعتمد البحث على بعض تقنيات نظم المعلومات الجغرافية (GIS) لاسيما أنماط التوزيع بواسطة أطر الخدمة المثالية والمسافة المعيارية، كما استعمل عدد من المعايير السكانية والمساحية في قياس كفاءة الخدمات الدينية، إذ اعتمدت معايير الفائض والعجز في عدد الجوامع وحصة الفرد الواحد من مساحة هذه الخدمة مقارنة مع عدد السكان، فضلاً عن ذلك معرفة درجة الرضا عن الخدمات المقدمة للسكان. معتمدا في ذلك على الدراسة الميدانية المتمثلة بتوزيع استمارة الاستبيان على ساكني المدينة .